بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانە

دەورەی تازە

# ئۆکتۆبەر

107

25 ی نیسان/ ئەپریل ی 2025

## کۆمەڵگا پێویستی بە هاتنەمەیدانی چینی کرێکار هەیە!

یەکی ئایار ڕۆژی جیهانی کرێکاران، ڕۆژی نارەزایەتی و هاتنەمەیدانی ئۆردوی کارە بەدژی نەزم و نیزامی سەرمایەداری. ڕۆژێکە کە کرێکاران سەربەخۆ لە ناسنامەی نەتەوەیی و دینی و ئایدیۆلۆژی و ڕەگەزی، لە سەرانسەری جیهاندا، وەک چینێکی کۆمەڵایەتی و جیاواز هێزی خۆی نمایش دەکات.

ئەمساڵ کرێکاران لە دۆخێکدا بەرەو پیری ئایار دەچن کە سەرمایەداری و حکومەتەکانی، کۆمەڵگای بەشەرییان لەنێو گێژاوی چەندین قەیران و جەنگی ناوچەیی و توندکردنەوەی فەزای میلیتاریزم و شەڕی ئابوری و پێشبڕکێی چەک و کاولکاریدا لەپێناو دووبارە دابەشکردنەوەی جیهان لە نێوان زلهێزەکاندا ڕاگرتوە. دۆخی ئیستای جیهان کە گوزارشت لە چەقبەستویی سیستەمی سەرمایەداری و بێوەڵامیی بۆرژوازی جیهانی و حکومەتەکانی بە کێشەکانی ژیانی ملیارەها ئینسان، دەکات، ملی ناوە بە سیاسەتی هێرشبردن بۆ سەر ژیانی چینی کرێکار و هەموو ئەو بەها سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیانەوە، کە دەستکەوتی چەندین دەیەی خەباتی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش بووە و لە ئەنجامیشدا ژیان و مانەوە و ئایندەی کۆمەڵگای بەشەرییان خستۆتە بەردەم تونێلێکی تاریک و هەڕەشەی لەناوچوونەوە!

جەنگی ٣ساڵەی ئۆکرانیا، کە ژیانی سەدان هەزار مرۆڤی کردۆتە قوربانی و ئەو وڵاتەی بە یەکجاری نابوت و وێران کردوە و ملیۆنەها هاوڵاتی ئۆکرانیای ئاوارەی وڵاتانی ئەوروپا کردوە، هاوکات کاولکاری و کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی فەلەستین لەلایەن دەوڵەتی ئیسرائیلەوە، تا تیرۆر و بۆردومان و هێرشە سەربازیەکانی حکومەتەکەی ناتانیاهۆ بۆ سەر خەڵکی لوبنان و سوریا، تا پەلامارەکانی دەوڵەتی تورکیا و نۆکەرانی بۆسەر

بۆ لاپەڕە ٢

## سەبارەت بە دین و بیروباوەڕی دینی....

مەنسوری حیکمەت.......

لاپەڕە ١٠

## پلینۆمی ٣١ی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی کوردستان کۆتاییهات!



بۆ لاپەڕە ٣



## کێبڕکێی سودانی و مالکی لە هەڵبژاردنی ٢٠٢٥ی عێراقدا!

عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ٤



## دانوسان و ململانێکانی ئەمریکا و ئێران و کاریگەریە ناوچەیی و جیهانیەکان!

نوری بەشیر

بۆ لاپەڕە ٦

## پەیامی پلینۆمی ٣١ی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان بۆ خەڵکی فەلەستین......

لاپەڕە ٩

## دەرگیربونی عێراق لەنێو دانوستانی ئەمریکا و ئێراندا!

عوسمانی حاجی مارف....

لاپەڕە..... ١١

## ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!

## دریژەی.......کۆمەڵگا پێویستی بە هاتنەمەیدانی چینی کرێکار هەیە!

دانیشتوانی ڕۆژهەلات و باکوری سوریا، تا شەڕە ناوخۆییەکانی باڵەکانی بۆرژوازی لە سودان و وڵاتانێکی ئەفریقیا و دواتریش ملهوڕی و هێزنواندنی ئەمریکا دژی ئێران کە دۆخی ناوچەکەی ڕووبەڕووی مەترسی جدی کردۆتەوە، هەموو ئەمانە لەپاڵ پەرەگرتنی ڕاسیزم و توندڕەوی و کۆنەپەرستیدا، لەپاڵ، چوونەسەری ڕێژەی بێکاری و گرانی و برسێتی و پشێویە کۆمەڵایەتیەکاندا، وەک بەرهەم و ئەنجامی ئەم دۆخە قەیرانگرتوەی سەرمایەداری، دەسەڵاتدارانی چینی بۆرژوازی لە جیهاندا بەو ئەنجامە گەیاندوە کە بۆ گەیشتن بە ئامانج و بەرژەوەندیەکانی خۆی مرۆڤایەتی بۆ ناو کورەی ئاگر پاڵپێوەبنێت.

عێراق و کوردستان کە ڕاستەوخۆ دەکەونە ناو ئەم گێژاوی کارەسات و ماڵوێرانیەی سەرمایەداری جیهانیەوە، بەناچاری چینی کرێکار و کۆمەڵانی بەشمەینەت لەگەڵ لێکەوتە و کاریگەریە زیانبارە ئابوری و سیاسیەکان و ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە کێشمەکێشی نێوان هێز و دەوڵەتانی ناوچەکەوە دێتەکایەوە بەرەوڕوو دەکاتەوە. لەم نێوەشدا دۆخی کوردستان بەدیار سازدانەوەی پەیوەندی نێوان هەرێم و بەغدا، کێشمەکێشی بزووتنەوە و لایەنە بۆرژواییە عەرەبی و ئیسلامیەکان بە سوننە و شیعە و ناسیۆنالیستە کوردەکانەوە دادەنێ و بەم هۆیەشەوە دۆخی سیاسی کوردستان و هەلومەرجی ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار بەتایبەتی و خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان لە سەرەگێژی و نارۆشنیدا ڕادەگرێ و دۆخی ژیان و گوزەرانی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش ڕووبەڕووی بارگرانییەکی گەورەتر دەکاتەوە.

کرێکارانی کوردستان کە لەسایەی دەسەڵاتدارێتی حیزبە بۆرژوا ناسیونالیستەکانی کورددا، ڕووبەڕوی هەلومەرجێکی سەختی کارو بژێوی بوونەتەوە، وێرای کەمی کرێ، سەعاتکاری زۆر، بێکاری و گرانی و کاری منالان و نەبونی یاسایەکی کاری هاوچەرخ کە لانی کەمی مافەکانی چینی کرێکار و ئازادیی مانگرتن و ڕێکخراوبوون بەڕەسمی بناسێنێ، هاوکات دەسەڵاتداران دەستی کۆمپانیا و خاوەنکارەکانیان ئاوەڵاکردوە کە بە درندانەترین شێواز کرێکاران بچەوسێننەوە و ماف و ئازادیەکانیان پێشێلبکەن و لەژێر شمشێری لەسەرکاردەرکردن و مەرجەکانی کۆمپانیاکاندا ڕایانبگرن. حکومەتی هەرێم و وەزارەتی کار کە سیستەمی کارکردنی لەسەر بنەمای بازاڕی ئازاد و کاری کۆمپانیاکان دامەزراندووە، بەتەواوی خۆی لە بەرپرسیارێتی لەئاست ژیان و بژێوی کرێکاران و هاوڵاتیاندا دزیوەتەوە و ئامادە نییە لانی کەمی بژێوی و بیمەکۆمەڵایەتیەکان بۆ کرێکاران دەستەبەربکات. دابینکردنی موچە لە سامانی کۆمەڵایەتی، بۆ کرێکاران و فەرمانبەرانی کوردستان کە ئەرکی هەر حکومەتێکە، مانگانە دەبێتە کێشە و ژیانی زۆربەی خەڵکی کوردستان ڕووبەڕووی تەنگانەی نەبونی و بێبازاڕی دەکاتەوە.

چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێشی کوردستان لەوەها دۆخێکدا کە بەرەو یەکی ئایار دەچن، نابێ هیچ چاوەروانیەکیان لە دەسەلاتداران و خاوەن کۆمپانیاکان هەبێ، بەلکو دەبێ پەی بەهێزی یەکگرتوی خۆیان ببەن و بە خەباتی خۆیان ماف و داخوازیەکانی خۆیان بسەپێنن. هەربۆیە گۆڕانکاری لە دۆخی ئیستای کوردستاندا، وەیان هەرجۆرە باشبوونێک لە سیستەمی کار و بژێویدا، بەندە بە هاتنەمەیدانی کرێکاران خۆیانەوە. بەندە بە خەباتێکی یەکگرتوانە و سەراسەری کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێشەوە. ئەگەر یەکی ئایار ڕۆژی نارەزایەتیە بەڕوی سەرمایەداری و هەموو ئەو ستەم و چەوساندنەوەیەی کە خاوەنکار و سەرمایەداران لە کرێکارانی دەکەن، ئەوا دەبێ ئەم ڕۆژە ببێتە ڕۆژی کۆبونەوە لە دەوری داخوازیەکان و ڕێکخراوبونی ڕیزەکانی کرێکاران بۆ باشکردنی دۆخی ژیان. بۆ هەوڵدان بۆ سەپاندنی ئازادیی مانگرتن و ڕێکخراو بوون، بۆ هەلومەرجێکی سەلامەت و ئینسانیتر لە ناوەندەکانی کاردا، بۆ بەدەستهێنانی کرێ و هەقدەستێکی ئەوتۆ کە ژیانێکی شایستە بۆ کرێکاران و خێزانەکانیان مسۆگەر بکات، بۆ بەڕەسمی ناسینی نوێنەرایەتی کرێکاری و بەهرەمەندبوون لە یاسای کارێکی هاوچەرخ،.....

کۆمەڵگا پێویستی بە هاتنەمەیدانی چینی کرێکار هەیە. پێویستە چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێشی کوردستان، هەڵسوڕاوان و ڕابەرانی کرێکاری ڕۆژی یەکی ئایار وەک مەیدانێک لەدژی فەزای جەنگی و هەموو ئەو کارەساتانەی ڕووی لە کۆمەڵگا و ناوچەکە کردووە بەدەستەوەبگرن. ڕێگا نەدەن هێزە ڕەنگاوڕەنگە بۆرژوازیەکان بە پڕوپاگەندەی قەومی و ئاینی ڕیزەکانیان پارچەپارچەبکەن. هاوخەباتی و هاوپشتی کرێکارانی کوردستان لەگەڵ کرێکارانی عێراق و ناوچەکە و جیهان و لێکگرێدانی خەبات و نارەزایەتیەکان بەدژی دەسەڵاتداران لەیەک ڕیزی سیاسی سەربەخۆی چینایەتیدا مەرجی دانانی سنورە بۆ هەموو ئەو ستەم و چەوسانەوەیەی بەسەر کرێکارانەوەیە.

**بژی یەکی ئایار ڕۆژی جیهانی کرێکار!**

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**٢٣ی نیسانی ٢٠٢٥**

# پلینۆمی ٣١ی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان کۆتاییهات!

لە ڕۆژانی ١٨ و ١٩ی نیسان، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بە ئامادەبوونی زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی ئۆرگانەکانی حیزب و بە بەشداری هاوڕێ سەمیر عادل سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، پلینۆمی(٣١ ی خۆی بەست.

سەرەتا پلینۆم بە سرودی ئینتەرناسیۆناڵ و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە ٢٧ هەمین ساڵیادی هاوڕێیان شاپور عبدالقادر و قابیل عادل و سەرجەم گیانبەختکردوانی ڕێگای ئازادی و یەکسانی دەستی پێکرد، دواتر هاوڕێ عوسمانی حاجی مارف، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی، وتاری دەستپێکردنی پلینۆمی پێشکەشکرد. دوای ئەویش دەستوری بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەکان و باسەکانی پلینۆم پەسەندکرا کە بریتی بوون لە:

**١/ ڕاپۆرتی سەرۆکی مەکتەبی سیاسی و ئۆرگانەکانی حیزب لە نێوان دوو پلینۆمدا**
**٢/ هەلومەرجی سیاسی کوردستان و ئاراستە و ئەرکەکانی حیزب...**
**٣/ پرسی هەڵبژاردنەکان..**
**٤/ بڕیار و بڕیارنامەکان...**

**ڕاپۆرتی سەرۆکی مەکتەبی سیاسی و ئۆرگانەکان:**

سەرەتا هاوڕێ خەسرەو سایە سەرۆکی مەکتەبی سیاسی، ڕاپۆرتی کاری حیزب و مەیدانەکانی خستەڕوو... ئاماژەی بەو مەیدانانە کرد کە هەڵسوڕانی حیزب و ئۆرگانەکان تێیدا پێشڕەوییان کردووە و پاشان پەنجەی لەسەر لاوازیەکانی کاری حیزب و ئەو بەربەست و گرفتانەی کە لە کاری ئەم دەورەیەی حیزبدا هەبووە دانا. لەکۆتاییشدا چەند پێشنیارێکی لە ڕاستای برەودان بە مەیدانەکانی کاری حیزب و کارکردن بۆ هەڵگرتنی بەربەستەکان و چارەسەرکردنی گرفتەکان خستە بەردەم پلینۆمەوە. بەدوای ئەودا پلینۆم ڕێگایکردەوە بۆ قسەوباسی بەرپرسی ئۆرگانەکان و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لەسەر سەرجەم ڕاپۆرتەکان کە پێشتر بە نوسراو خرابوونە بەردەستی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، دوای بەشداری و سەرنجدان لەلایەنە جیاجیاکانی کاری ئۆرگانەکان و هەڵسەنگاندنیان، پلینۆم وێڕای ئەوەی پێداگری لەسەر ڕاوەستاوی و بەرچاوڕۆشنیی حیزب و سیاسەتەکانی کردەوە لە کاری ئەم دەورەیەی حیزبدا، هاوکات لەسەر خاڵە لاوازەکان ڕاوەستا و لەبەرامبەریاندا، چەندین پێشنیاری لە دووتوێی چەند بڕیاردا پەسەند کرد.

**هەلومەرجی سیاسی کوردستان و ئاراستە و ئەرکەکانی حیزب:**

ئەم دەستورە و باسەکەی لەلایەن هاوڕێ عەبدولا مەحمودەوە خرایەڕوو، تیایدا ئاماژەی بەو ئاڵوگۆڕانە کرد کە لە عێراق و کوردستاندا و لەژێر کاریگەری ڕوداو و ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دەورەیەی دنیاو ناوچەکە ڕوویانداوە. دواتریش گرنگترین سەرخەتی جیهەت و هەنگاوەکانمانی ئاماژە پێدا. پاش بەشداری گەرموگوڕی هاوڕێیان و خستنەڕووی سەرنج و پێشنیارەکانیان، پلینۆم لەوبارەیەوە بڕیاریدا لەڕێگای بەیاننامەیەکەوە سیاسەت و ڕێگاچارەکانی حیزب بخاتە بەردەم کۆمەڵگە.

**پرسی هەڵبژاردن:**

ئەم دەستووره لەلایەن هاوڕێیان ڕێبوار ئەحمەد و عەبدولا مەحمودەوە، پێشکەش کرا، کە تیایدا لەسەر جێگاوڕێگای هەڵبژاردن، پرانسیپە گشتیەکانی، ئەزموونەکانی، ئامادەیی حیزب، هەلومەرجەکانی بەشداری و ڕەتکردنەوەی قسەوباس کرا. پاش بەشداری تێروتەسەلی هاوڕێیانی ئامادەی پلینۆم، پێداگری لەسەر بەهێزکردنی تواناییەکانی حیزب کرا بۆ ئامادەبوونی لە مەیدانەکانی کێشمەکێشە سیاسیەکانی کۆمەڵگە و هەڵبژاردنیش وەکو مەیدانێکی ئەم بەرامبەرکێییە.

**بڕیار و بڕیارنامەکان:**

لە بەشی بڕیار و بڕیارنامەکاندا، چەندین بڕیار پەسەندکران سەبارەت بە چۆنیەتی عەمەلیکردنەوەی ئەو سیاسەتانەی کە لە باسەکانەوە دەبێت دەربکێشرێن و هەروەها هەنگاوی پێویست بە ئاراستەی بەهێزکردنی حیزب و بردنەسەری تواناییەکانی لە مەیدانی سیاسی و دەرکەوتنی وەکو حیزبێکی دەخاڵەتگەری کۆمەلایەتی...

**هەڵبژاردنی سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی:**

لەم بەشەی بەرنامەی کارەکانی پلینۆمدا هاوڕێ عوسمانی حاجی مارف بە تێکرای دەنگ بە سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرایەوە و هەروەها ١١ کەسیش بۆ مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردران کە بریتین لە هاوڕێیان: خەسرەو سایە، دەشتی جەمال، ئازاد مەجید، عەبدولا محمود، موحسین کەریم، فوئاد صادق، ڕێبوار ئەحمەد، شاباز محمود، ئاڵان مەعروف، وەستا مەهدی ڕەسول و ڕێبوار عارف.

پلینۆم بەدوای دوو ڕۆژ لە قسەوباسی چڕوپڕ کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

بەدوای تەواوبونی کارەکانی پلینۆم، مەکتەبی سیاسی لە یەکەمین کۆبونەوەی خۆیدا هاوڕێ خەسرەو سایەی وەک سەرۆکی مەکتەبی سیاسی و فوئاد سادقی بەوێنەی جێگری سەرۆک هەڵبژارد و دەستەیەکی کارگێڕی لە هاوڕێیانی مەکتەبی سیاسی بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی حیزب، دیاریکرد.

**مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**٢٢/٤/٢٠٢٥**

# کێبڕکێی سودانی و مالکی لە هەڵبژاردنی ٢٠٢٥ی عێراقدا

عوسمانی حاجی مارف

**ئایا ئێران دەستبەرداری مالیکی دەبێت و سودانی هەڵدەبژێرێت!؟**

پەرلەمانی عێراق ڕۆژی ١١ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٥ی وەک وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمان دیاریکرد. مانگی ڕابردوو کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق، دەستپێکردنی پرۆسەی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەرانی ڕاگەیاند و ئاماژەی بەوەدا کە پرۆسەکە یەک مانگ دەخایەنێت.

لەگەڵ دانانی وادەی فەرمی بۆ هەڵبژاردنەکان، ئێستا سەرنج دەچێتە سەر سروشتی ئەو هاوپەیمانیانەی کە پێکیدەهێنن و ڕادەی بەشداری جەماوەر لەم بۆنەیەدا کە وەک شتێکی سەرەکی بۆ داهاتووی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا سەیر دەکرێت، بەڵام ئەوەی پێشبینی دەکرێت ڕێژەی بەشداربوان زۆر کەم دەبێت.

سودانی، کاندیدبوونی خۆی بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق ڕاگەیاند، هەنگاوێک کە ڕەنگە لە بەرامبەر ویستی نوری مالیکیدا بوەستێتەوە، کە مالکی بەنیازە ببێتە کەسایەتی قۆناغی داهاتوو لە عێراق، لەڕێگەی ئەم هەڵبژاردنەوە جاریکیتر هەوڵی سەرکردایەتی بۆ ئایندەی عێراق و چوارچێوەی هەماهەنگی بەدەستەوەبگرێت، لەهەمانکاتدا پارێزگاری لە مانەوەی حەشدی شەعبی بکات، ئەم ئەجندایەش لە دۆخی ئێستای ململانێی نێوان ئەمریکاو ئێراندا بۆ مالکی کارساز نیە.

کاندیدبونی سودانی، خوازیاری بەردەوامی مانەوەیەتی لە چوارچێوەی گۆڕەپانی سیاسی و وەستانەوە بەرامبەر بە مالیکی، پێدەچێت لە لیواری درێژەدان بە پۆستی سەرۆک وەزیراندا سودانی ئەو فرسەتەی زیاتربێت، کە لە نێوان نەبوونی کەسایەتیە دیارەکانی شیعە و ناکۆکی بەردەوامی نێوان لایەنەکان ، هیچ کەسێکیان بوێری ئەوەیان نەبێت دواتر خۆیان کاندیدکەن بۆ سەرۆک وەزیران، لەهەمان کاتیشدا بزووتنەوەی سەدری و موقتەدا سەدر، جارێکی تر هەڵویستی بایکۆت وەردەگرنەوە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا.

ئەوەی مالیکی نیگەران دەکات لە کێبڕکێی لەبەرامبەر سودانیدا ئەوەیە کە سەرۆکوەزیرانی ئێستا بەو ڕۆڵەی لەماوەی سەرۆکایەتیەکەیدا لە سەردانەکان و پەیوەندیەکانیدا دیویەتی چێژ لە قەبوڵکردنی ناوچەیی و نێودەوڵەتی وەردەگرێت، بە پێچەوانەی مالیکی کە بوونی تەنها بەستراوەتەوە بە پشتیوانی ئێران و حزبی دەعوە، لەهەمانکاتدا ئەرکی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی بەستنەوەی عێراق بە کارنامەی ئێرانەوە، بەڵام دۆخەکە بەتەواوی گۆڕاوە زیاتر بە زیانی مالکیەو و خزمەت بە بەرژەوەندیەکانی سودانی دەکات، چونکە ئایندەی شێوەی دەستێوەردانی ئێران لە عێراقدا ئاڵوگۆڕی جدی بەخۆیەوە دەبینێت.

ئێران کە ئێستا نایەوێت ڕووبەڕوی ئەمریکیەکان ببێتەوە لە عێراقدا، ئەگەرچی بۆ ماوەیەکی کاتیش، دەتوانێت دەستبەرداری هاوپەیمانەکانی وەک مالیکی بێت و ڕەنگە زیاتر پشتگیری لە مانەوەی سودانی بکات بۆ ماوەیەکی تریش وەک سەرۆکوەزیران، تا ئەو کاتەی زریانەکە تێدەپەڕێت، چونکە لەم دۆخەدا سودانیان پێباشترە، باشترە لە کاندیدکردنی کەسایەتیەکی دیکە کە دوژمنایەتیان لەگەڵدا بکات، ئاشکرایە کە سودانی دەستبەرداری ئێران نەبووەو هەوڵی داوە هاوسەنگی نێوان ڕۆڵی ئەمریکاو ئێران لە عێراق ڕاگرێت.

ئێران بۆ فشارخستنە سەر میلیشیاکانی ژێر چەتری حەشدی شەعبی، پاڵدەنێت بۆئەوەی خۆیان هەڵبوەشێننەوە و چەکەکانیان تەسلیم بکەن و وەک تاک پەیوەندی بە دامەزراوە سەربازی و ئەمنییەکانەوە بکەن، ئەمەش وای لێدەکات گرنگی بە مالیکی نەدات و سودانی بەسەر ئەودا هەڵبژێرێت. مالکی کاغەزێکی سووتاوە کە بوونی پەیوەستە بە غەرقبون لە گەندەڵیدا، بەڵام سودانی لە پەیوەند بە ڕێکەوتنی ئەمریکاو ئێرانەوە تارادەیەک دەتوانێت یارمەتیدەربێت بۆ تێپەڕاندنی ئەو قۆناغە گرنگەی کە حەشدی شەعبی خۆیان هەڵبوەشێننەوە و چەکەکانیان تەسلیم بکەن و وەک تاک پەیوەندی بە دامەزراوە سەربازی و ئەمنییەکانەوە بکەن، ئەمەش وا لە ئێران دەکات پێگەی مالیکی بە هەند وەرنەگرێت و فەزڵی سودانی بەسەر ئەودا بە باشتر بزانێت.

کاندیدبونی سودانی، هەڵگری پەیامێکی ڕوونە کە بەردەوام دەبێت لە بنیاتنانی پەیوەندی هاوسەنگ بۆ عێراق لەگەڵ ژینگەی ناوچەیی و هاوبەشە نێودەوڵەتیەکانی بەتایبەت ئەمریکا. ئەمەش فاکتەرێکی بەرچاوە لە بەرژەوەندی سودانی، بەپێچەوانەی مالیکی کە بەهۆی خراپی پێشینەی لەگەڵ ڕەوتی سەدری و پەیوەندی ئاسایی لەگەڵ ڕەوتی حیکمە بە سەرۆکایەتی عەمار حەکیم و

دابەزینی متمانەی لە نێو کورد و سوننە ڕووبەڕووی دژایەتی ناوخۆیی دەبێتەوە.

مالیکی نیگەرانی خۆی لە سەرکەوتنی سودانی ناشارێتەوە لە کۆکردنەوەی پشتیوانی لە چوارچێوەی هەماهەنگی لە ماوەی سەرۆکایەتیەکەیدا، ئەمەش مەترسی لەسەر پێگەی ئەو وەک سەرۆکی باڵای چوارچێوەکە و کاندیدەکەی بۆ قۆناغی داهاتوو دروست دەکات. هەروەها مالیکی ڕووبەڕووی ڕەتکردنەوەی دەرەکی دەبێتەوە، کە لە دەوڵەتانی ناوچەکەوە دەست پێدەکات، لەنێویاندا دەوڵەتانی کەنداو، بوونی مالکی بە مانای وەستانی وەبەرهێنان لە عێراق و ڕەتکردنەوەی هاوکاریکردنی دەبێت لەو قۆناغە سەختەی کە ئێستا بەسەریدا هاتووە. ئە مە جگە لە نادڵنیایی تورکیا و ئەمریکا لەبەرامبەر مالکیدا.

سودانی لەمیانی بەشداریکردنی لە نۆیەمین کۆربەندی سلێمانی، نیازی خۆی بۆ کاندیدکردن بۆ هەڵبژاردنەکان ڕاگەیاند و جەختی لەوە کردەوە کە "هەڵبژاردن دەرفەتێکە بۆ پاڵپشتیکردنی پرۆژەیەکی چاکسازی بۆ عێراق". جەختیشی کردەوە کە "بەهای ڕاستەقینەی هەر چاکسازیەک گەیشتنە بە گرووپە هەژار و پەراوێزخراوەکان و ڕزگارکردنیان لە چنگی هەژاری"!.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا لەلایەکی ترەوە ئەتوانین بڵێین خەریکە کە سودانی وەک مۆدێلێکی ئەفسانەیی و حاکمێکی بێ کەموکوڕی و پاڵەوانێکی بێ هەڵە دەخرێتەڕوو، یان سیاسەتەکانی وەک ئاماژەیەکی زیندو بۆ ئەگەری گەڕاندنەوەی دادپەروەری پێشکەش دەکرێن نەک موزایەدە، لەڕاستیدا، ئەو هاوسەنگی و میانڕەویەی سودانی قسەی لەسەر دەکات، ناتوانێ لەناو دەریای جەنجاڵی و دۆخی ناڵەباری ناجێگیری عێراقدا جێگای بێتەوە، کە سودانی بۆ خۆشی داینەناوە لەسەر ڕێڕەوی هەڵوەشانەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی هەنگاو بنێت، ناتوانێت لە دۆخی ئێستای عێراقێکی دابەشبودا دەرگایەک بکاتەوە هیوای داهاتویەکی سەقامگیری لە عێراقدا وەک سەرۆک وەزیران بەدەست بهێنێت.

پێگەی سودانی لەنێو جەنجاڵی زیادەڕۆیی و شەڕ و پێکدادانەکاندا ئەو پەنجەرەیە نیە کە گەشبینی پێشکەش بکات، سەروەری و سەربەخۆیی عێراق تەنیا دروشمێکە کە لە بەرامبەر ئەمریکاو ئێراندا و کێشمەکێشی باڵەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیدا مامەڵەیەکی سادە نیەو بواری ساغبونەوەی زەحمەتە.

ئامادەکاری پێشوەختە بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو کە بڕیارە لە ١١ی تشرینی دووەمی ئەمساڵ ئەنجام بدرێت، چاوەڕوان دەکرێت هاوپەیمانی نوێ لە غیابی ڕەوتی سەدریدا دروست بکرێت، ئەمەش ڕێگە خۆش دەکات بۆ هێزەکانی دیکە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە.

پێشبینییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە زۆرینەی دەنگەکانی سەدری بۆ هاوپەیمانی یان هێزە تازە پێگەیشتوەکانی سودانی دەچێت، کە هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسای مالیکی لە دەستکەوتی بەرچاو لە کورسیەکانی پەرلەمان بێبەش دەکات و تەنانەت ڕەنگە هەڕەشە لە توانای مالیکی بکات بۆ پاراستنی قەبارەی ئێستای لە پەرلەمانی داهاتوودا.

کاندیدبونی سودانی بۆ هەڵبژاردنەکان شتێکی سەرسوڕهێنەر نەبوو، بەڵام کاتی خۆی و پەیامە سیاسیەکانی و ئەو هاوپەیمانیەی کە لە دەورووبەری پێکهاتوون، ئاماژەن بۆ شەڕێکی ئاڵۆزی هەڵبژاردن کە کراوەیە بۆ چەندین ئەگەر.

لە نێوان ئەم تەحەددیاناندا، سودانی هەوڵدەدات خۆی وەک " حکومەتێکی سەقامگیر" پیشان بدات، گوایە لەڕێگەی دەستکەوتەکانیەوە حکومەتەکەی بنیات دەنێت و گوتارێک پێشکەش دەکات کە ئەتوانێ هاوسەنگی دۆخەکە ڕاگرێت. بەڵام ئەوەی بەداوی سیاسەت و دەخالەتی ئەمریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێشهاتووە و پشتیوانی لە ئیسرائیل مەبنا بووە بۆ ئەمریکا، هەڕەشەکانی ترەمپ لە سەر هەڵوەشانەوەی حەشدی شەعبی و ئایندەی ڕێکەوتنی ئەمریکاو ئێران، گومانی تیا نییە کە دۆخی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق بە نائارام دەبینرێت، لەهەمانکاتدا پێکهێنانی حکومەتی عێراق لەبەردەم قەیرانێکی هەمەلایەنەدا بەرەو ڕوو دەبێتەوە، جا پێکهێنانی حکومەت لە سایەی مالکی بێت یا سودانی ، دۆخەکە بە ئاسانی تێناپەڕێنرێت.

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی
**عوسمانی حاجی مارف**
00964(0)7701570050
Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی
**خەسرەو سایە**
00964(0)7701511043
saya.xasraw@yahoo.co.uk

بەرپرسی ڕێکخراوی دەرەوە
**دەشتی جەمال**
0044(0)7856032991
dashtyjamal@gmail.com

بەرپرسی پەیوەندیەکان
**فواد سادق**
00964(0)7732499966
foadsadq@yahoo.com

**ئۆکتۆبەر**
بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانە
سەرنوسەر : موحسن کەریم
ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!
بۆ پەیوەندیگرتن: ڤایبەر و واتس ئەپ و مۆبایل: 0044(0)7394013135
ئیمێل: Muhsin_km@yahoo.com
ماڵپەڕی ئۆکتۆبەر: https://octobernewspaper.infinityfreeapp.com/?i=3
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک: October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

# دانوسان و ململانێکانی ئەمریکا و ئێران و کاریگەریە ناوچەیی و جیهانیەکان!

نوری بەشیر

دانوسانی نێوان ئەمریکاو ئێران لە دوو هەفتەی رابردووەوە جەنجاڵترین هەواڵی جیهانە، لە میدیاکانەوە زیاترین قسەوباس و لێکدانەوەی جۆراوجۆری لەگۆشەی جیاوازەوە لەسەر دەکرێت، وە بە یەکێک لە بابەتە گرنگەکان دادەنرێت لەو رووەوە کە لە ململانێی توندی نێوان ئەو دوو وڵاتەوە، کە بەردەوام ترسی رووداوی توندوتیژی و پێکدادان باڵی کێشابوو بەسەر ناوچەکەداو لە ئەگەری رووداندیدا کاریگەری زۆر گەورەو خراپی دەبوو لەسەر خەڵکی ناوچەکە، گۆڕا بۆ دانوسانێکی بەناو ناراستەوخۆ، کە زۆرترین وڵاتان و میدیاکانی جیهان و لێکۆڵەرەوەکان تا دەگاتە خودی سەرانی ئەمریکاو ئێران گەشبینن، بە ئایندەی دانوسان و گفتوگۆکان و لێک تێگەیشتنەکانیان.

سەرەتا دەکرێت بپرسین ئەم دانوسانە لە چ هەلومەرجێکی جیهانی و ناوچەییدا ئەنجامدەدرێت، وە جێگاوڕێگای ئەم دوو وڵاتە لە هاوکێشەی ئێستای جیهان و ناوچەکەدا لە کوێدا وەستاون، ئایا ئەو هەموو ململانێیە یان ناکۆکییە زۆرەی نێوان ئەمریکاو ئێران کۆتایی پێدێنێت، وە بەرژەوەندیەکانی هەریەکەیان لەم دانوسانەدا لە چیدایە، وە کاریگەریەکانی لە ئاستی دنیادا چیە، ئایا بەرژەوەندی حکومەتانی سەرمایەداری یان بەرژوەندی جەماوەر لە ریکەوتنیاندایە یان لە شەریاندا؟

دەکرێت لەویوە دەستپێبکەین، کە هەلومەجی جیهانی لەگەڵ ئەوەی قەیرانێکی گەورە کە لە ساڵی ٢٠٠٨ وە یەخەی سەرمایەداری جیهانی گرتووەو بەردەوامە، بەڵام دەورانێکی نوێی دەستپێکردوە ئەویش، دنیای تاک جەمسەری بەرابەری ئەمریکا کۆتایی هاتووەو دنیای چەند جەمسەری خەریکی بەرجەستەبوونە، لەم دەورە نوێیەدا جێگاوڕێگایەک کە ئەمریکا هەیبوو چووەتە دواوەو ئەمریکا خۆیشی ئەمە باش دەزانێت، بەڵام ئەمریکا یەکێک لە کاراترین حکومەتانی سەرمایەداریە کە دەیەوێت جێگاوڕێگایەک لەم دەورە نوێیەی سیستەمی دنیای چەند جەمسەریەی و قەیران گرتوەدا بگرێت، بۆ سەرلەونوێ سازدانەوەی جیهان و لێرەوە زۆرترین دەوری هەبێت و سودمەندیش بێت لێی. هاتنە سەردەسەڵاتی ترەمپ لە ئەمریکا لەو پێداویستیانەوە بۆ بەرژەوەندیەکانی سەرمایەداری و بەتایبەت سەرمایەداری ئەمریکا هاتووە.

هەر لەم دەورە نوێیەدا جێگاوڕێگای هاوپەیمانی ئەمریکا و وڵاتان گۆڕانی بەسەردا هاتووەو وڵاتانی سەرمایەداری لەبەرژەوەندی ئێستایانەوە دەستدەبەن بۆ هاوپەیمانی یان لایەنگری کە ئەمریکا نوێنەرایەتی ئەمە دەکات لەئێستادا، ئەوەتا ئەمریکا هاوپەیمانی لەگەڵ وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، کار لەسەر هەڵوەشانەوەی ناتۆ کردووەو دەکات لەبەرژەوەندی بلۆکبەندی و جەمسەرێکی نوێی ئەم دەوریە، بەپێی بەرژەوەندیەکانی خەریکی هاوپەیمانی نوێیە، پەیوەندی و نزیکبوونەوەکانی لە روسیا چ لەسەر ئاستی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست و بەتایبەت سوریا، یان لەسەر حسابی ئۆکرانیاو خاک و سەروەت و سامانەکەی. هەوڵی زیادکردنی هاوپەیمانەکانی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و گێرانەوەی نفوزو ئیعتباری لەم ناوچەیەداو راکێشانی ئێران بۆ ناوچەی نفوزی خۆی یان لانی کەم دژایەتی نەکردنی، کە ئێران یەکێک بوو لە ریگری سیاسەت و بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لەناوچەکدا، بۆیە دانوسانی لەگەڵ ئێراندا لەمرووەوەیە، بەڵام بێکێشەو دەردیسەری نیە!. لەولاوە جەمسەری روسیاو چین خەریکی خۆسازدانی ئابوری و سیاسی خۆیانن، بەجۆرێکی تر لەبەرامبەر جەمسەری ئەمریکادا کاردەکەن، بەتایبەت چین وەک بەشێک لەم جەمسەرە لەباری ئابوریەوە قورسایی لەسەر ئەمریکا داناوە.

یەکێک لە تایبەتمەندیاکانی هەلومەرجی ئەمرۆ لاوازی و لەمەیداندا نەبوونی بەهێزی چینی کرێکاریی هوشیارو رێکخراو و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریە، کە ئەمە ساڵانێکە فرسەتی هێرشی جۆراوجۆری ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی داوە بە حکومەتانی سەرمایەداری بۆ هێرش بۆسەر چینی کرێکارو رادیکالیزمی کۆمەڵگاو لێسەندنەوەی دەستەکەوتێک کە چینی کرێکارو ژنان و کۆمۆنیزم بەخەباتی خۆیان بەدەستیان هێنابوو، تا داسەپاندنی فەزای میلیشیایی و عەسکەرتاریزم و شەرو کوشتارو کاولکاری و کۆمەڵکوژی و بەهێزی راسیزم و فاشیزم و نزیکبوونەو هاتنە سەر دەسەڵات، نموونەکانی وەکو ترەمپ، ناتانیاهۆ، ئۆردوگان، خامنەئی، پۆتین و نایجل فاراج و جۆلانی....

واتە ئەمریکا لەو هەوڵ و

پێشڕەوییانەی بۆ ئەم دەورە نوێیەی کە دنیا بەسەری دەبات، لە کێشەکانی لەگەڵ جەمسەری ڕوسیا و چین دا، لە دانانی باجی جیهانیدا، لە ساتوسەداو کوشتار لە ئۆکرانیاو غەززەدا، لە مەسەلەکانی جەزیرەی گرینلاند و کەناڵی پەنامادا، لە پەیوەندی بە کەنەداو وڵاتانی ئەوروپاوە، لەبەرامبەر سیاسەتی ناوخۆی ئەمریکاو ناڕەزایەتیەکان دا، ئەمریکا ئەگەرچی وادەردەکەوێت کە تەنیا هێزی گەورەی جیهانیەو بەم جێگایەوە لەدانوسان لەگەڵ ئێراندا دەردەکەوێت، وە قسە لەسەر ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکات و داوای ئاشتی و خۆشی بۆ خەڵکی ئێران دەکات هەروەک خامنەئی کە هەمانشت بۆ خەڵکی ئێران دەڵێت لەلابردنی گەمارۆ لەسەر ئێران، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمریکا ڕێگری و کێشەی زۆری لەبەردەمدایە، وە ململانیەک لەگەڵ ئێران و هاوپەیمانەکانیدا هەیەتی بەرزو نزمی بەخۆوە دەبینێت و هەر لایەکیان بەشوێن بەرژەوەندیەکانی خۆیانەوە لە دانوسان و ناوەندگیریەکاندا کاردەکەن.

حکومەتی ئێرانیش لەم هاوکێشە نوێیەی جیهان و ناوچەکەدا، جێگاوڕێگای جارانی نەماوە، کە پەلی دەکێشا بۆ دەخاڵەت لەهەلومەرجی جیهانی و ناوچەی ڕۆژهەڵات ناوەڕاستدا، تەنیا وڵات بوو لەناوچەکەدا گەورەترین ڕێگری لەبەردەم بەرژەوەندیەکانی ئەمریکادا دروستدەکرد، هێزو دەسەڵاتێکی بۆرژوا ئیسلامی کە لەکوشتارو ئێعدام و برسیکردنی خەڵکی ئێراندا هیچکات دەستی نەپاراستووە، هەربۆیە نەدەکرا لە ناوچەکەدا حسابی لەسەر نەکرێت، یەکێک بوو لەو وڵاتانەی بۆ چەندین ساڵ ڕژێمی بەشار ئەسەدی ڕاگرت، دەخاڵەت و کاریگەریەکانی لە سەر لوبنان و فەلەستین و یەمەن و عێراق و تا دەگاتە کوردستانی عێراق و بڕیاردان لە بڕیارو کارەکانیاندا، زۆر بەرچاو بوو، بەڵام لە ڕێگای لێدان و پاشەکشەکردن بە لایەنگرانی کە بە پرۆکسیەکانی سەر بە ئێران دەناسرێن، گورزی گەورەی بەرکەوت بەتایبەت لە لوبنان، فەلەستین، سوریاو هەروەها ئەمانە وایانکردوە ڕۆژانە پاشەکشەی زیاتریش دەکات کە خەریکە لە یەمەن و عێراقدا بەسەریدا دەسەپێت، کە ئێران بەم جێگایەی ئێستایەوە لە دانوساندایە، لە خاڵەکانی دانوسان و قسەوباسی سەرانیادا بەتایبەت خامنەئی پێوەی دیارەو بێدەنگە.

دانوسانی ئێستای نێوان ئەمریکاو ئێران لەزەرورەتی جێگاوڕێگای هەردوولاوەیە لەمڕۆدا، کە ئەگەرچی تەوازنی نێوانیان یەکسان نیە، جێگای ئەمریکا لە سەروترو لەئاستی دنیادا سازدانەوەی دنیای ئەمڕۆی چەند جەمسەریە، لە ناوچەکدا بۆ نەخشەی نوێیە لە ڕۆژهەڵاتیکی ناوەڕاستدا بەڕابەری خۆی و هاوپەیمانانی لە ئیسرائیل، سعودیە، قەتەرو وڵاتانێکی کەی وەک تورکیاو میسرو ئیمارات، وە بۆ چاوترسێنی ئێران؛ کەشتی جەنگی و فڕۆکەی ئێف بی ٥٢ و موشەکی پێشکەوتوی هێناوەتە ناوچەکەو مۆڵەتی دوو مانگی داوەتە ئێران و ترەمپ وتویەتی بودجەی جەنگی ئامادەیە. ئەوەی ئەگەر جەنگ ڕووبدات کاولکاری نەک تەنیا لە ئێران بەڵکو هەموو ناوچەکە دەگرێتەوەو سەد بەرابەری کۆمەڵکوژیەک لە لە غەززە ئەنجامی دەدەن دەبێت. جێگاو خواستەکانی حکومەتی ئێران لە دانوساندا بۆ مانەوەی دەسەڵاتی خۆیەتی وەک سەرەکیترین بابەت، بەڵام لەگەڵ ئەم لاوازیانەی ئێراندا هێشتا بەمانای ئەوە نیە کە بەرژەوەندی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی هەر لە شەڕدا بێت.

واتە بەهۆی تەوازنی لەسەرەوە بوونی ئەمریکا، لاوازی و پاشکشەی ئێران، ئەمریکاو زۆرێک لە وڵاتانی ئەوروپاو ناوچەکە دەیانەوێت پرۆسەی ڕێکەوتنی نێوانیان بە ئاشتی لەپێناو بەرژەوەندی کە وەگەڕخستنی سەرمایەو نەخشەی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەشوهەوای ئاشتیدا بڕواتە پێشەوە، ئەم هەنگاوە پێش هەموو شتێک لەبەرژەوەندی حکومەتی ئەمریکاو وڵاتانی سەرمایەداری هاوپەیمانیەتی وەک بلۆکێک لەناوچەکەدا کاری بۆ دەکەن، نەک لەبەرژوەندیەکانی خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەتەوە، کە ئەمریکاو ئێرانیش باسی بەرژوەندیەکانی خەڵکی ئێران دەکەن، بەرژەوەندی خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەتی کۆمەڵگە نە لەشەڕو نە لەئاشتی نێوان وڵاتانی سەرمایەداریدا نیە، بەڵام پرۆسەی ئاشتیەکەیان کەمتر زیان بە خەڵک دەگەیەنێت.

ئەم دانوسانە بەبێ گرفت و دەخالەتی وڵاتانێکی تر وەک نێوەندگیری ناچێتە پێشەوە، لەلای ئەمریکاوە جیا لە نێوەندگیریەکانی وڵاتی عومان و سعودیە، وڵاتانی ئەوروپاش هەیە وەک هاوپەیمانی پێشوو یان خۆ ئامادەکردن بۆ هاوپەیمانی نوێ. بۆ ئێرانیش ئامادەیی و نێوەندگیری ڕوسیاو چین وەک هاوپەیمان و بوونی بەرژەوەندیان لەناوچەکەدا زۆر بەرچاوە، هەربۆیە سەردان و دانیشتەکانی وەزیری دەرەوەی ئێران عەباس عێراقچی لەگەڵ هەریەکە لە وەزیرەکانی دەرەوەی ڕوسیا سیرگی لافرۆف و لەگەڵ دینگ شیانگ، جێگری یەکەمی سەرۆکوەزیرانی چین و وانگ یی، وەزیری دەرەوەی چین کۆبوویەوەو عەباس عێراقچی دەڵێ، "چین و ڕووسیا دوو دوو هاوپەیمانی ستراتیجی و گرنگن بۆ ئێمە، لە کاتە سەختەکاندا دۆستی نزیکی ئێمەن، ئاساییە ڕاوێژی بەردەواممان لە بوارە جیاوازەکاندا هەبێت، بەتایبەتی ئێستا کە گفتوگۆمان لەگەڵ ئەمریکا بەشێوەی ناڕاستەوخۆ لەسەر پرسی بەرنامەی ئەتۆمی هەیە".

بێگومان چوونەپێشەوەو یەکلاییکردنەوەی ململانێکانی نێوان ئەمریکاو ئێران لەڕوانگەی ئێمە

کۆمۆنیستەکانەوە لە ڕێگای ئاشتی و دانوسانەوە بێت تا جەنگ، لەبەرژەوەندی خەڵکی ئێران و ناوچەکەدایە، هەربۆیە جێگای خۆیەتی کە دەبێت ئیشارە بەوە بدەین کە کێشەکانی نێوان ئەمریکاو ئیسرائیل لەگەڵ ئێران بەشێوەی توندوتیژی و تیرۆرو موشەک بارانی یەکتر، لەدەورەی پێشوودا نوێنەرایەتی دوو بەرژەوەندی جیاوازی دەکرد، لەلایەک بەرژەوەندی حکومەتانی بۆرژوازی و سەرمایەداری و نوستوو لەسەر پارەی کەڵەبووی نەوت و سامانی کۆمەڵگە، لەگەڵ برسیکردن و کوشتاری خەڵکی مەدەنی و بێتاوانی ئێران و ناوچەکەدا.

خاڵێک کە جێگای ئاماژەیە، دانوسان و ڕێکەوتنی ئاشتیانەو بەرژەوەندیخوازانەی ئەو دوولایەنەی دانوسکار، ئەمریکاو حکومەتانی هاوپەیمانی ناوچەکە بەڕابەری ئەمریکاو بەنەخشەی نوێی ناوچەکەوە بۆ کەڵەکەی سەرمایەو مانەوەی دەسەڵاتی سەرمایەداریانەیان و خواستی دەست نەگەیشتنی ئێران بە چەکی ئەتۆمی و کەمکردنەوەی پیتاندنی یۆرانیۆم لە ٦٠٪ وە بۆ ئاستی ٣.٦٧٪ کە ئەمانە وەک مەسەلەی بنچینەیی بۆ پاشەکشە بە ئێران، ئەگەر نا زۆر بابەتی تر هەیە ئەمە لەلایەک و بەرنامەی ئێران بۆ مانەوەی دەسەڵاتەکەی کە بەهەر شێوەیەک بێت لە خواستی لابردنی سزاکانی سەر ئێران و هەناردەی نەوت، گەڕاندنەوەی پارە بلکۆکراوەکانی لە جیهانداو گەرەنتی ڕێکەوتنەکەو تەسلیمکردنی یۆرانیومی پیتێنراو بە روسیا یان چین کە ئەمە خاڵێکە بۆ گەرەنتی کە ئێران داوای دەکات، ئەمانە هەمووی لەبەرژەوەندی حکومەتی جمهوری ئیسلامی ئێرانەوە، بۆ مانەوەی خۆی، کە دەسەڵاتێکە هیچ چاوەڕوانیەکی لێناکرێت کە لەبەرژوەندی خەڵک هەنگاوێک هەڵبنێت، تەنها لەژێر فشاردا نەبێت، بەڵام لاچونی گەمارۆکان بەتایبەت ئابوری لەسەر ئێران کە قورسایی لەسەر خەڵک داناوە لەبەرژەوەندی خەڵکدایە کە هەم هەناسەیەک بدات و هەم ڕێگایەکە بۆ وشیاری و خۆ ڕێکخستن، کە جمهوری ئیسلامی ئێران درەنگ یان زوو دەبێت بڕوات.

بەڵام بەهەر شێوەیەک بێت، بەرژەوەندی خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەتی کۆمەڵگەی ئێران و ناوچەکەو هەتا کۆمۆنیزمێکی ڕێکخراو لە ئاشتیدایە تا شەڕ، بەرژەوەندی خەڵکی ئێران لە نەبوونی گەماروی ئابوری و بوژاندنەوەی کەمێک زیاتری هەلومەرجی ژیان و گوزەرانیانە لەوەی ئێستا کەهەیە، خەڵک لە هەلومەرجی جەنگیدا ناتوانن زۆر بیربکەنەوەو خۆیان ڕێکخراو بکەن، لەچاو هەلومەرجێکی ئاسایی و لەباردا، کە هەلومەرجێکی نوێ لەئێراندا فرسەتێکە بۆ ڕێکخراوبوونی زیاتری چینی کرێکارو کۆمۆنیزم لەکۆمەڵگەدا.

★

## چەند بەشێک لە بەندی "یاسای کار" لە بەرنامەی دنیایەکی باشترەوە

- ئازادیی تەواو و بێقەیدوشەرتی ڕێکخراوبوونی کرێکاران. .....ئازادیی تەواو و بێقەیدوشەرتی مانگرتن.
- دانی کرێی تەواو بۆ ڕۆژەکانی مانگرتن. ..... پیادەکردنی دەستبەجێی لانی زۆر ٣٠ سەعات کار لە هەفتەدا
- دوو ڕۆژ پشووی لەسەریەک لە هەفتەدا. .......... لانی کەم ٣٠ ڕۆژ مۆڵەتی ساڵانە.
- قەدەغەکردنی زێدەکاری. ..........دانانی ڕۆژی یەکی ئایار بە پشووی ڕەسمی وەکو ڕۆژی جیهانیی کرێکار.
- دانانی ڕۆژی 8 ی مارس بە پشووی ڕەسمی وەکو ڕۆژی جیهانیی ژنان.
- کرێی یەکسان بۆ ژن و پیاو لەبەرامبەر کاری چوونیەکدا.
- قەدەغەکردنی هەرجۆرە دواخستنێکی کرێ. .قەدەغەکردنی کاری پیشەیی بۆ منالانو تازەلاوانی خوار ١٦ساڵ.
- قەدەغەکردنی سپاردنی کاری قورس بە کرێکارانی دووگیان. ..........قەدەغەکردنی دەرکردنی کرێکاران.
- بیمەی بێکاری تێروتەسەل بۆ هەموو کەسانی ئامادە بەکاری سەرووی ١٦ ساڵ لەسەر بناغەی دوا کرێی وەرگیراو.
- دانی بیمەی بێکاری تێروتەسەل و باقی دەرماڵە پێویستەکان بەهەموو ئەو کەسانەی کە لەبەر هۆکاری جەستەیی یان دەروونی توانای کارکردنیان نییە.
- مافی نوێنەرانی کرێکاران لە پشکنینی نوسینگەکانی ئەو دامەزراوەی کە کاری تێدا دەکەن.

# پەیامی پلینۆمی ٣١ی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان بۆ خەڵکی فەلەستین

**خەڵکی ئازادیخوازی فەلەستین!**

پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی حزبمان بە نیگەرانیەکی زۆرەوە لە دۆخی نالەباری ژیان و گوزەرانی ئێوە و تاوانەکاریەکان و ملهوری و فاشیزمی دەولەتی نەژادپەرستی ئیسرائیل دژ بە ئێوە دەڕوانێ. دەولەتی دڕندەی ئیسرائیل بەپشتیوانی هەمەلایەنەی ئەمریکا و دەولەتانی رۆژاوایی بەبێ حسابکردن بۆ هەر پرەنسیپ و پێوانەیەکی ئینسانی، بەبێ حسابکردن بۆ ئەو هەموو دامودەزگا دووڕووانەی کە گوایە چاودێری مافی مرۆڤ دەکەن، بەبێ سڵەمینەوە لە ئەنجامدانی هەرجۆرە تاوانێک دەرهەق بە خەڵکی مەدەنی، ساڵ و نیوێکە بە بەرچاوی خەڵکی دنیاوە دەستی داوەتە پاکتاوی بەکۆمەڵ و کوشتاری خەڵکی غەززە. هێرشە دڕندانەکانی بەبۆمب و چەکی کۆکوژی قەدەغەکراو بۆسەر خەڵکی غەزە و رەفەح و تەنانەت ئۆردوگای ئاوارەکان، تەواوی ئەو ناوچانەی کردوە بە کورەی ئینسان سوتاندن بۆ توانەوەی جەستەی منداڵ و پیرو گەنج و ژن و پیاوی ستەمدیدەی فەلەستین.

لەماوەی یەک ساڵ و نیوی رابردودا، دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیل بەو بۆمبە وێرانکەر و چەکەکۆکوژانەی کە لە ئەمریکا و دەوڵەتانی ئەوروپیەوە وەریدەگرێت، بە وەحشیانەترین شێوە ماڵ و قوتابخانە، نەخۆشخانە، چادرگەی ئاوارەکان، وێستگەکانی کارەباو پرۆژەکانی ئاو و هەرچی پێداویستیەکانی ژیانی مەدەنی خەڵکە، بەسەر دانیشتوانی غەزەدا خاپورو وێران دەکات و جەستەی دەیان هەزار ئینسانی بێتاوانی لەژێر داروپەردوی بیناڕوخاوەکاندا ناشتوە کە بەشێکی زۆریان منداڵ و تەنانەت منداڵی ساوان! ئەمە جگە لە ئاوارە و دەربەدەرکردنی زیاتر لە دوو ملیۆن کەس کە بەدەست برسێتی و بێدەرمانی و بێخانەولانەییەوە دەناڵێنن و گەورەترین کارەساتی مرۆیی لەمێژووی تازەی مرۆڤایەتیدا خوڵقاندوە!

ئەم بەربەریەتەی دەوڵەتی فاشیست و نەژادپەرستی ئیسرائیل و بەپشتیوانی بێشەرمانە و راستەوخۆ و هەمەلایەنەی ئەمریکا و دەوڵەتانی ئەوروپی، خەڵکی ئازادیخوازی جیهانی ڕاچڵەکاندوە. دیمەنی ئەو منداڵانەی لەژێر بینا ڕوخاوەکاندا تەرمەکانیان دەردەهێنرێن، ئەو ئاوارانەی کە تەنانەت پەناگای ئاوارەیشیان بەسەردا دەروخێنن، هاواری ئەو دایکوباوکانەی کە لاشەی کۆرپەو جگەرگۆشەکانیان لەباوەش گرتوە، نەفرەت و توڕەیی خەڵکی ئازادیخوازی جیهانی بەوپەڕی خۆی گەیاندوە. بەڵام ئەم خەڵکە دەستەوئەژنۆ دانەنیشتون و تەماشای ئەم دیمەنە دڵتەزێنانە بکەن. لەمسەری دنیا تا ئەوسەری دنیا، لە رۆژهەلاتەوە تا رۆژئاوا، لە باکورەوە تا باشوری گۆی زەوی، خەڵکی ئینساندۆست و ئازادیخواز و چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش ڕۆژانە دەڕژێنە سەرسەقامی شارەکان بۆ ئیدانە و سەرکۆنەکردنی ئەم جینۆسایدەی لە دژی ئێوە بەرپاکراوە!

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان هەمیشە لەڕیزی پێشەوەی ئەم بزوتنەوە مەزن و جیهانداگرەدا بۆ بەرگری لە خەڵکی فەلەستین و مافە ڕەواکانی راوەستاوە. ئەم بزوتنەوەیە و بەشەریەتی ئازادیخوازی جیهان و چینی کرێکار شەڕێکی سەروماڵییان لەگەل بەربەریەتی ئیسرائیل و پشتیوان و هاوکارەکانی راگەیاندوە. ئەم بەرامبەرکێیە کە بەپانتایی جیهان برەوی سەندووە، جەنگی گەیشتن بە ئازادی و ئاسایش و ئاشتیە دژی کۆنەپەرستی و وەحشیگەری و بەربەریەتی سەرمایەداری و ئیمپریالیزم و مناله نازدارەکەیان، یانی دەوڵەتی رەگەزپەرست و فاشیستی ئیسرائیل! ئەمە جەنگی ئینساندۆستیە بەرامبەر بە ملهوڕی و کۆمەڵکوژ و پاکتاوی رەگەزی. حزبی کۆمۆنیستی کریکاری خۆی بەبەشێک لەم بزوتنەوە مەزن و جیهانداگرە دەزانێ و پێی وایە تەنها ئەم بزوتنەوە مەزنەیە کە ئەتوانێ دەستی ئەم دڕندە و ئینسانکوژانە ببەستێت.

کۆتایهێنان بەم وەحشیگەریە و مسۆگەرکردنی مافی خەڵکی فەلەستین لە دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆ و بەهرەمەندبوونیان لە ئازادی و ئاشتی و ئاسایش کاری بەشەریەتی ئازادیخواز و چینی کرێکاری جیهانە. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەهەموو توانای خۆی بۆ پەرەپیدانی ئەم بزوتنەوەیە و سەرخستنی ئامانجەکەی تێدەکۆشێ و لەم کاتە سەخت و دژوارەدا لە پەنای ئێوە ڕادەوەستێ.

**ریسوایی بۆ دەولەتی فاشیستی ئیسرائیل و پشتیوانەکانی!**

**ئازادی و بەختەوەری و ژیانێکی شکۆمەند و شایستە بۆ خەڵکی فەلەستین!**

**دامەزرێ دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین!**

١٩/٤/٢٠٢٥

# سەبارەت بە دین و بیروباوەڕی دینی....

## مەنسوری حیکمەت



هەڵبەت من باسی دینی خۆرێکخستوو و "پیشەسازی دینی" ئەکەم، نەک بیروباوەری دینی. هەموو کەسێک دەتوانێ هەر بیروباوەڕێکی هەبێت و دەرییبڕێت و بانگەوازی بۆ بکات و خەڵکی لەدەور رێکبخات. پرسیار ئەوەیە کە کۆمەڵگا چ رێوشوێنێک دائەنیت بۆ پارێزگاری لەخۆی. کۆمەڵگای ئەمڕۆ هەوڵ ئەدات منالان بەدووربگرێت لە پروپاگەندەکانی پیشەسازیی جگەرەو بیانپارێزێت. لەبارەی پیشەسازیی دینیشەوە دەکرێ هەمان کار بکرێت. ئینسانی جگەرەکێش هەموو مافێکی خۆی هەیەو دەتوانێ هەر دامەزراوەو ئەنجومەنێک بۆ پروپاگەندەکردن بۆ باشیەکانی تووتن و یەکخستنی جگەرەکیشەکان دروست بکات. بەڵام ئەمە بەمانای دەرگا خستنەسەرپشت نیە بۆ پیشەسازیی جگەرە. دەزگای دینی ئیسلام و دینە سەرەکییەکانی دیکە (مەسیحی، یەهودی، هیندۆسي و...تاد)، ئەنجوومەنی دڵخوازانەی ئەو کەسانە نین کە باوەڕیان بە بیروباوەڕێکی دیاریکراو هەیە، دەزگای سیاسي و دامەزراوەی مالیی زۆر گەورەن کە هەرگیز بەشیوەیەکی واقعی حیساب وکیتابیان لەگەڵدا نەکراوە، نەخراوەنەتە ژێر رکیفی یاسا سیکولارەکانی کۆمەڵگاوەو بەرپرسیار نەبوون لەبەرامبەر کردەوەکانی خۆیاندا. هیچ کەسێک حاجی روحوڵڵا خومەینی نەکیشایە دادگا لەسەر دەرکردنی فتوای کوشتنی سەلمان روشدی. ئەمە لەکاتێکدا کە هاندان بۆ کوشتنی ئینسان لە هەموو وڵاتانی جیهاندا تاوانە. ئەمە هیشتا گوشەیەکی بچووکە لە تۆڕێکی کوشتوبڕ و بڕینی ئەندامەکانی لەشی ئینسان و تۆقاندن و ئینسان رفاندن و ئەشکەنجەو ئازاردانی منالان. بەبروای من كارتێلی مادده بێهوشكەرەكانی مدیئین (سکوبارەکان)و بازرگانانی چین و مافیای ئیتالیا (و ئەمریکا) بەئەندازەی پەنجەبچووکی دینە خۆرێکخستووەکان نابن. من باس لە خەباتێکی رەواو بەرنامەرێژیکراوی کۆمەڵگایەکی ئازادو کراوە ئەکەم لەدژی ئەم دەزگاو دامەزراوانە. لەهەمانکاتدا بڕوابوون بە هەر شتێک، تەنانەت دواکەوتووترین و دژی ئینسانیترین بیروباوەر، بەمافی حاشاهەڵنەگری هەر ئینسانێک ئەزانم.

بەبروای من ماندوویەتی چەپ لەرووی تیورییەوەو ئەو گورزانەی کە ئامانجخوازي و بیرکردنەوەی رەخنەگرانەو رادیکاڵ لە ناوەراستی سالانی حەفتاکان بەملاوە خواردی، ژمارەیەکی زۆر لە تیۆریسیۆنە چەپ و خێرخوازەکانیشی لەبەرامبەر وەدیهینانی ئاواتە سەرەتاییەکانی ئینساندا دووچاری دیدێکی قۆناغبەقۆناغی- تاکتیکي و پلەبەپلەی ئەسەفبار کرد. سەد ساڵ بەر لەئیستا مرۆڤایەتی پێشرەو گاڵتەی بەوە ئەکرد کە رزگاری ئینسان بەدەستی کەشیشەکان و لەریگای چەکوپینەکردنی دین و سەرهەلدانی خوێندنەوەو لیکدانەوەی تازەی دین لەنێو کڵێسادا بەدەستبێت. ئەمڕۆ توێژەرەوەو بیریارانی پسپۆر دەتوانن گەڵاڵەی ئەوە دابڕێژن کە ژنی ئێرانی لەئێستادا دەتوانێ سیکولاریزم بە زیادکردنی رەنگێکی کراوەتر بۆ سەر رەنگە مۆڵەتپێدراوەکانی دەوڵەت بۆ حیجابی ژنان لێکبداتەوە. ئەمە بەبروای من نەبینینی دینامیزمی گۆڕان و شۆڕشە لە کۆمەڵگادا. جیهان تاکو ئێستا لەرێگەی ژێرەوژوورکردنەکانەوە بەرەوپێش چووە. لەرێگەی گۆڕانکارییە سەرسوڕهێنەرو خێراکان لەبواری بیرکردنەوە، تەکنیک و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا.

بەبروای من ئەوەی بەراستی خەيالي و نامومکینە، چەکوپینەکردنی ئیسلام و گۆڕینی هەنگاوبەهەنگاوی رژێمە ئیسلامیەکانە بۆ حکومەتی عیلمانی. ئەوەی کە واقعییە، مومکینە، وە لەپەیوەست بە ئێرانەوە ئیتر ناچارییە، وەدیهاتنی سیکولاریزمە لەڕێگای خرۆشانی دژی دینیی خەلکییەوە، لەدژی ئەم حکومەتانەی کە هەن و لەدژی هەموو راڤەکردن و خوێندنەوە جیاجیاکان لە ئیسلام.

..... بەهەرحاڵ سکولاریزم بەوێنەی بەرهەمێکی فیکری، سیاسي و ئیداری گەشەی سەرمایەداری، لەخۆرهەلاتی ناوهڕاستدا سەریهەڵنەدا. بەبروای من بۆرژوازی ناوچەکە نەخشەکارێکی سیکولاری نییە، وەیان تەنانەت توانای هەڵوێستگیرییەکی بەمجۆرەی نییە. دامەزراندنی سیستەمێکی سیکولار ئیتر کاری بزووتنەوە سوشیالیستي و کریکارییەکانە. وە ئەمە بەبروای من مەسەلەیەکە کە سەرکەوتنی چەپ لە ناوچەکەدا، لانیکەم بەدەستوبردی لەئیراندا، دەکاتە ئەگەرێکی واقعي و ماددی. خەڵکی سیستەمێکی سیکولاریان دەوێت، لەنەبوونی بەرەیەکی عیلمانیی راسترەودا، خەڵکی لەدەوری ئاڵای چەپی کۆمۆنیست کۆدەبنەوە کە ئامادەی خەباتێکی بنەڕەتی بێت لەدژی دەسەڵاتدارێتی دین.

**تێبینی: بەشێکە لە گفتوگۆیەکی هاورێ مەنسوری حیکمەت لەگەڵ گۆڤاری پرسش کەلەزستانی ٢٠٠١دا بڵاوکراوەتەوە..**

# دەرگیربونی عێراق لەنێو دانوستانی ئەمریکا و ئێراندا

عوسمانی حاجی مارف

لەماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا عێراق جیهێڵرا بۆ پاوانخوازی و باڵادەستی کۆماری ئیسلامی ئێران، کە کاریگەری گەورەی لەسەر دۆخی سیاسی عێراق و چۆنیەتی پێکهاتنی حکومەت و ململانێی و ڕیکەوتنی هێزە سیاسیەکان دانا. کۆمەڵێک حیزب و میلیشیا کە بەئاشکرا پاشکۆی ئێرانن وەک "چوارچێوەی هەماهەنگی"، پرسی حوکمڕانیان بۆ خۆیان یەکلاییکردەوە. هەروەها قاسم سولەیمانی، سەرۆکی سوپای قودس تا لە ژیاندا بوو و زۆربەی کاتەکانی لە عێراق بەسەردەبرد، تا ئەو کاتەی لەوێ کوژرا.

موقتەدا سەدریش درکی بەوە کرد کە ناتوانێ یاری و ململانێ لە نێومەیدانی سیاسی و پێکهێنانی حکومەتدا بکات و ئاکامەکەی دەبێتە ئاژاوەگێری و پێگەی سیاسی خۆی بەفیڕۆ ئەدات و هەموو دەستکەوتەکانی دەشێوێت، ناچار بوو بەوەی کشانەوەی خۆی لە هەڵسورانی سیاسی ڕاگەیەنێت. لەهەمانکاتدا یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ڕیزی پاشکۆبوون بەئێران گیرسایەوە.

هەموو ئەو کارانەی کۆماری ئیسلامی کردوویەتی و دەیکات بەنهێنی ڕوویان نەداوە، عێراقی لەچوارچێوەی بازنەی نفوزی خۆی و لە ژێر پاراستنی خۆیدا هێشتەوە، بە بەرچاوی ئەمریکا و جۆرێک بێدەنگلێکردنی ئەمریکاوە ئەنجام دراون، کەدوای جەنگی کەنداوی دووەم و ڕوخانی حکومەتی سەدام، ئەم پرۆسەی گواستنەوەو دەستێوەردانی ئێران لە عێراق جێگیرکرا.

ئەوەی هەر لە سەرەتاوە ڕوون بووە ئەوەیە کە عێراق هەمیشە سەرچاوەی دراوی قورسی ئێران بووە لە پاڵ ئەو سزا ئابوریانەی کە لە لایەن ئەمریکاوە سەپێندراوە بەسەر ئێراندا. لەکاتێکدا دەسەڵاتداری عێراق لە دابینکردنی پارەی دراوی قورس بۆ ئێران لەڕێگەی ئاوالەکردنی بازاری عێراق و بازرگانی و قاچاخچێتی بە نەوتەوە دەرفەتێکی گەندەڵی و پاشکۆبونیان بۆ ئێران ڕەخساند و بەردەوام بون لە پیادەکردنی، بەڵام ئیدارەی ئەمریکا بەتەواوی ئاگاداربوو لە هەر دۆلارێک کە دەگوزرایەوە بۆ ئێران، کە ڕێگەیان بە عێراقدا مامەڵەی ئابووری لەگەڵ ئێران لە دەرەوەی یاسای سزاکان ئەنجام بدات.

هەرچەندە ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١١ بەشێک لە هێزەکانی لە عێراق کشاندوەوە، بەڵام بەردەوامبونی سەربازی لەڕێگەی بنکە هەمیشەیەکانیەوە مانەوە، لەهەمانکاتدا هەناردەی نەوتی عێراق بۆ نیویۆرک تا ئێستاش دەچێت و پێداویستییەکانی حکومەتی عێراق دابیندەکرێت، ئەمەش ئەو بیروکەیە دەهێنێتە ناو باسەوە یان ئەگەری ئەوە پێشبینی دەکرێت کە لەسەر هەموو شتێک ڕێکەوتبن، بۆیە ئەتوانین بڵێین کە ئەمریکا و ئێران لەگەڵ هەر ململانێیەکیاندا بەدور نازانرێت هاوکاری یەکتریان کردبێت بۆ دارشتنی داهاتووی عێراقێک کە تەواو ئێرانی بێت، یان ئەمریکا تەواو ئەوەی فەرامۆش کردبێت کە ئێران کۆنترۆڵی عێراق دەکات. ئەو دەنگۆیانەی کە ترەمپ داوای لە ئێران کردووە دەستێوەردان لە کاروباری عێراقدا نەکات و ڕێز لە سەربەخۆیی و سەروەری بگرێت و میلیشیاکانی وەک حەشدی شەعبی لە عێراق هەڵبوەشێنێتەوە، پێموایە بەهایەکی ئەوتۆی نیە وەک مەرجێک بۆ دەستپێکردنی دانوستانەکانیان بۆ دامەزراندنی پەیوەندیە ئاساییەکان و گەڕانەوەی ئێران بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هەڵگرتنی سزاکان لەسەری، چونکە هەموو ئەمانە بەهیچ شێوەیەک سوودی بۆ عێراق نیە. بۆ نموونە گەر میلیشیاکان هەڵبوەشێنرێنەوە، بەڵام ئەوەی کە دواتر ڕوودەدات ئەگەری ئەوە هەیە خراپتربێت.

لەواقیعدا ملیشیاکانی ئێران پاراستنی حکومەتی ئێستای عێراق کۆنترۆڵ دەکەن بە هەموو دەزگاکانیەوە، بۆیە ئەگەر هەڵوەشاندنەوەی میلیشیاکان لەڕێگەی بانگەوازی ئێرانەوە ڕوویدات، ئەوە مانای هەڵوەشانەوەیەک دەبێت کە دەچێتە ناو جەستەی دەوڵەتی عێراقەوە، دوای ئەوە چیتر ڕووئەدات؟، جگە لە نیشاندانی غافڵگیریەکی تر و کارەساتی تر لە بەرامبەر دانیشتوانی عێراقدا شتێکی تر نابینرێت.

ئەمریکیەکان ئاگاداری زۆر شتن لەبەرامبەر ئێراندا، ئاراستەیەکی وەهاش لە ئارادا نیە ئەو دانوستانەی کە لەنێوان لایەنی ئەمریکی و ئێرانی بەرێوەدەچێت، هەوڵی تێکچونی ئێران بدرێت، ئەوانەی لە چوارچێوەی ئەو هاوکێشەیەدا خەریکن کارێک دەکەن هیچ گرنگیەک لە بەرژەوەندی عێراق وەک دەوڵەت یان خەڵکی عێراق بەهەند وەرناگرن، عێراق تایبەتمەندی خۆی لەدەستداوە، لەنێوان دەورو دەخالەتی ئەمریکا و ئێراندا لە قاڵب دراوە و بێئیرادەکراوەو شکۆی شکاوەو مانایەک بۆ هاوولاتیبون نەماوەتەوە.

گەیشتن بە هەر ڕێکەوتنێکی نوێ

که باس له سەروەری عێراق نەکات و ئەو سەروەریە دابین نەکات، مەترسی دووبارەبونەوەی نەخشە کۆنەکەیە بەشێوەیەکی تر و ئەگەری کارەساتی لەسەرە. لێرەدا عێراق کە بەهیچ جۆرێک ئامادەبونی لەسەر مێزی دانوستان نابێت، ئاشکرایە کە کاندیدە بۆئەوەی تەنها باجەکەی بدات لە هەر ڕێکەوتنێکی نێوان ئەمریکاو ئێراندا.

گفتوگۆکانی نێوان سودانی و سەرکردەکانی میلیشیاکان سەبارەت بە تێکەڵکردنی حەشدی شەعبی بۆ ناو سوپای عێراق، بەهۆی فشارەکانی ئەمریکاوە، دەتوانێت بە شێوازێکی تر کاریگەریی ئێران لە چوارچێوەی خزمەتگوزارییە ئەمنییەکانی عێراق فەرمی کاتەوەو بە مانایەکی تر دەستێوەردانی ئێران بچێتە قالبێکی ترەوە.

عێراق لەمێژە کە لە شەڕێکی جیۆپۆلەتیکی نێوان واشنتۆن و تاران دەرگیر بووە، جارێکی دیکە خۆی لە دۆخێکی لاوازدا دەبینێتەوە بەهۆی تێگەیشتن و مامەڵەی نوێی ئەمریکا لە بەرامبەر ئێراندا. ترس لەوە هەیە کە دوبارە عێراق وەک موزایەدەیەک مامەڵەی لەگەڵدا بکرێتەوە، نەک وەک یاریزانێکی سەربەخۆ ، یان وەک بەشێک لەسەر ئەگەری ڕێکەوتنی ئەتۆمی، جێگایەک بۆ حکومەتی عێراق قایل بن، فرسەتی سەربەخۆبونی بۆ فەراهەم نابێت.

هاووڵاتیانی عێراق بەگشتی لە ئەگەری هەر ڕێکەوتنێکی نێوان ئەمریکا و ئێراندا، وەک پیلانێک سەیری دەکەن ترسی ئەوەیانە کە جارێکی دیکە داهاتووی عێراق بکەنەوە قوربانی. بەڵگەکانی باشتربونی پەیوەندی نێوان ئێران و ئەمریکا تادێت بەهێزتر دەردەکەون. لەکاتێکدا ڕێکەوتنی ئەتۆمی ئەمریکاو ئێران زیاتر لەیەک نزیک دەکاتەوە، بەڵام ئەم ڕێکەوتنە ئەو ئەنجامەی لێناکەوێتەوە، کە ئێران واز لەدەستێورەدانی عێراق بهێنێت، دەکرێ دەستێوەردانی ئێران بۆ عێراق بەشێوازی تر بەردەوامی هەبێت.

لەکاتێکدا ئەمریکا و ئێران لەم زەمینە ناسکە دیپلۆماسییەدا هەنگاو دەنێن، داهاتوو و سەربەخۆیی عێراق بەشێوەیەکی دانەبڕاو بە بڕیارەکانی دوای دانوسانەکان بەستراوەتەوە. ئاشتی و سەقامگیری ڕاستەقینە دەبێت دڵنیایی بێت لەوەی هەموو وڵاتانی ناوچەکە بە عێراقیشەوە ئازادبن لە دارشتنی چارەنووسی خۆیان، کە ئەم تروسکایی ئازادبونە بۆ هیچ شوێنێک لەجەرگەی ململانێکاندا دیار نیە.

ماوەی چەندین ساڵە داواکاریەکانی "مافی مرۆڤ" لە سایە حکومەتی عێراق و شەری تائیفیدا، زیندانیکردنی هەتاهەتایی بەسەردا سەپێنراوە و هیچ مانایە لە دەستەواژەی مافی مروڤدا جێگای نەماوە، سونەکان داوای مافی سونە تیرۆرستەکان دەکەن و شیعەکان داوی مافی قۆرخکردنی زیاتری دەسەلات بە شەریعەی شیعە دەکەن. ئاشکرایە کە مرۆڤ وەک مرۆڤێک، هیچ بەهایەکی لە عێراقدا نەماوە، مەگەر سەر بە گروپێک بێت کە لە ململانێی خۆیدا لە بەرامبەر گروپەکانی تردا پێناسەو ناسنامەیەک بۆ خۆی داتاشێت.

تاکە ئومێدێک بۆ دەربازبونی عێراق لە ململانێی ئەمریکاو ئێران بەسەر چارەنوسی عێراقەوە، پەیوەستە بە هاتنەمەیدانی جەماوەری بەرفراوانی خەڵکەوە کە بتوانێت حکومەتێک دامەزرێنێت کە بە دەورو دەخالەتی ڕاستەوخۆی جەماوەری خەڵکەوە بەرێوە ببرێت، کەجیابێت و دوربێت لە کاریگەری تائیفی و مەزهەبی و نەتەوەیی و هەر ئایدۆلۆژیەک، خۆی جیاکاتەوە لە سەوداو مامەڵە و ململانێی زلهێزەکانی دنیاو ناوچەکە و کێشەکان و ڕێکەوتنەکانی ئەمریکا و ئێران.

مافی مرۆڤ لە ئێستای عێراقدا بەئاشکرا لە نێو قەفەسێکدایە کە داواکاری مافەکان مەرجدار بوو بە ناسنامەی تائیفی و مەزهەبی و نەتەوەیی، لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە بەردەمان، چۆن دەتوانین سروشتی هەڵاواردن و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لاببەین و بیگۆڕین بۆ واقیعێکی گشتگیر و جیهانی، و مەدەنی، مرۆڤایەتی، ئەویش لە ئێستادا، ئامادەییە بۆ کۆتاییهێنان بە پاوانخوازی و دەسەڵاتی شیعەگەرا لە عێراقدا، بۆ ئاڵوگۆڕێک کە دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی جەماوەری خەڵک دابین بکات، لە هەمانکاتدا پەیوەست بونە بەو نارەزایەتیانەی کە جەماوەری بەرینی ئێران لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا نیشانی ئەدەن، دامەزراندنی دەوڵەتێک کە دەستورەکەی لەسەر ناسانامەی هاوڵاتیبون دامەزرێت.

★

**یەکی ئایار ڕۆژی جیهانی کرێکاران، ڕۆژی نارەزایەتی و هاتنەمەیدانی ئۆردوی کارە بەدژی نەزم و نیزامی سەرمایەداری. ڕۆژێکە کە کرێکاران سەربەخۆ لە ناسنامەی نەتەوەیی و دینی و ئایدیۆلۆژی و ڕەگەزی، لە سەرانسەری جیهاندا، وەک چینێکی کۆمەڵایەتی و جیاواز هێزی خۆی نمایش دەکات!**